## ئیدارەی هەردوو حكومەتی كوردستان یەكیان گرت ... یان یەكدەگرنەوە ...!!!

فـەهــد گـــردەوانـی 2006/1/7ستۆكهۆڵم







ئەمڕۆ هەرسێ بەرێزان كاك مەسعود بارزانی {سەرۆكی هەرێمی كوردستان و سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان}و كاك كۆسرەت رەسول عەلی {بەرپرسی دەستەی كارگێری مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتمانی كوردستان}و كاك رۆژ نوری شاوێس جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ و ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان} بە بۆنەی رێككەوتنی هەردوولایان بۆ یەكخستنەوەی هەردوو ئیدارەكە{ئیدارەی هەولێر و ئیدارەی سلێمانی} پیرۆزباییان لەخەڵكی كوردستان كرد ...ئەو دانیشتنە ئەگەر دوا دانیشتنی هەردوو مەكتەبی سیاسی بێت ئەوا دەبوایە بۆ جەماوەری كوردستان رێككەوتنەكە رابگەیندرێ ، بەڵام دیارە هێشتا هەندێك بڕیار و رێكەوتن ماوە كە چارەسەری تەواوی بۆ نەدۆزراوەتەوە بۆیە بە تەواوی بۆ جەماوەریش روون نیە ، هەتا دوای رۆژانی جەژن ئینجا وەزارەتی حیزبەكانی تریش ئاشكرا دەكرێت و بڕیارەكانی تر دەزانرێت...هێشتا نازانرێ بەرێز مام جەلال دەبێتە چی لەو پرۆسەی هەڵبژاردنە، ئەمڕۆ دەیگوت بەو مەرجە رازی دەبم بە پۆستی سەرۆك كۆمار ئەگەر دەسەڵاتم زیاتر بێت...ئەو خۆشیەی ئەمڕۆ دەبوایەساڵێك لەمەوبەر بهاتبایە دی كە خەڵكی كوردستان چاوەڕوانی بوون ، ئێستاكەش درەنگ نیە ئەگەر بێت و هەردوولایەن راستگۆ بن لەگەڵ ئەو ئیمزایانەی كە دەیخەنە سەر لاپەڕەی رێككەوتن و بەڵێنەكانیان ...كوردستان گەلێك جار دوچاری شەڕی نەگریسی ناوخۆ بووە و هەردوولا ریزی قسەی خۆیان نەگرتووە ، ئەو كولتورە دواكەوتووە كە ناوی كولتوری دەسەڵات و شەڕە بخەنە ژێر قاچی ئەو منداڵە باوك شەهیدانەی شەڕی ناوخۆ..بیخەنە ژێر نەعلی ئەو ژنە شەهیدانەی كە دوور لە یارمەتی ئێوە هەتا ئەمڕۆ منداڵەكانیان پەروەردەكردووە...بیخەنە ناو تەنەكەی زبڵدانی مێژوو...عارەبی عێراق و گەلێك نوێنەری سیاسیتان بانگی كوردستان كرد بۆ ئەوەی حكومەتی عێراقی دابمەزرێنن...بۆ ئەوەی ئیدارەی كوردستان ببێتە دڕك لە چاوی ئەو دوژمنانەی كە چاویان بە كوردستان رۆشەن نابێتەوە ، هەوڵبدەن ئەمجارە لەگەڵ جەماوەری كوردستان راستگۆ بن و هەردوو ئیدارە لەسەر رێبازێكی پتەوتوكما رێكخەن و خزمەتی خەڵكی كوردستان بكەن...دەست پێبكەن بە پاكسازی و لەناو بردنی ئەو دز و گەندەڵیە لە وەزارەتەكان جا چ لای ئەو یان ئەم بێت پاك بكەنەوە ، ئەو دزیانە بكەنە خزمەت بۆ خەڵكی كوردستان كە ئەو چەند ساڵە لەژێر سایەی ناتەبایتان بێ ئاو و بێ كارەبا و بێ خزمەتگوزاری بووە...دەرگای دانشگا و قوتابخانە و ئیدارەتان بۆ خەڵكی كوردستان بكەنەوە با سەر بەهەر حیزب و رێكخراوێك بێت نمرە و شەهادەی ببێتە ئەو ئینتیمایە سیاسیە و خەڵك ئازدتر بێت...دووركەونەوە لە بەرنامەی پەنجا بە پەنجای گۆڕ بەگۆڕ كە بووە هۆی لەناوچوونی سەدان رۆڵەی كوردستان...نەفرەت لەو بەرژەوەندیی تەسكی حیزبایەتیە بكەن ، هەموو خزمەتێكتان لەپێناوی بەرژەوەندی خاكی

**کوردستان بێت...هەر بستەکی کوردستان با ببێتە پاوانی هەموو کوردستانیەک کە وڵاتەکەی خۆش دەوێ...ئەو بەڕێوەبەر و لێپرسراوە کۆنە جاش و موستەشار و بەعسیانە دوورخەنەوە لە شوێنی بڕیاڕدان و دەسەڵات...ئێوە خاوەنی خەڵکی دڵسۆزن بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتی نیشتمان بکەن...رێگا بدەن کەسانی دڵسۆز بەشداربێت لە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و پێکهێنانی شەریکەی خزمەتگوزاری...دەست پێبکەن بە یارمەتی دابەشکردن بەسەر ئەو کەسانەی ژیانیان و گوزەرانیان بۆ هەڵناسوڕێ...گرنگی بدەن بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری ، بەتایبەتی گەنج و منداڵ...فراوان کردنی ئازادی و بیروباوەر و ئازادی نووسین و بڵاوکردنەوەی رەخنەی بنچینەیی بۆ بەروپێش بردنی باری ژیان لە کوردستاندا...خزمەتکردنی خەڵک بکەن بە بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان...جا ئەگەر هەر ئەو بەڵێنە و جەژنانە دەدەن بە جەماوەری کوردستان تکایە لەکاتی مەراسیمی پەرلەمان و راگەیاندنی ئەو رێککەوتنە ، منداڵانی شەهیدان و خێزانە شەهیدەکان کۆبکەنەوە و کۆڕاڵی{ ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد }یان پێدروست بکەن با هەرهەموو رۆڵە شەهیدەکان بەبێ جیاوازی ئەو سروودە بڵێنەوە تاوەکو کۆستی دڵیان دەحەسێتەوە...هەر شەکاوەیە ئاڵای کوردستان و سەربەرزە شەهیدانی رێگای مرۆڤایەتی .**

---

تکایە هەوڵبدەن راگەیاندنتان بکەن بەیەک ئامانج ئەویش خزمەتکردنی کوردستان بێت نەک سەرکردەولێپرساوەکانتان...سەیری ئەو دوو راگەیاندنە نەخۆشەی هەردوو رۆژنامەی کوردستانی نوێ و خەبات بکەن چۆن وێنەی ئەو کۆبونەوەی ئەمڕۆی لە لاپەڕەی خۆی بڵاوکردۆتەوە...ئەو وێنانەی سەرەوەم لە خەبات و کوردستانی نوێ وەرگرتووە...هیوادارم لەمەودوا هەردوولا گرنگی بە باسی کوردستان و جیهانی بدەن نەک باسی سەرۆک و لێپرسراو..